**دەنگەکان**: ئەنفال لە پاش ئەو هەموو زنجیرە دادگایانەی سەرانی ڕژێمی بەعس، ئێستا لە کوێی هاوکێشە سیاسیەکانی عێراق و دونیادا جێگیربووە. ئایا وەک کردەیەکی جینۆساید ناسراوە یان هەر وەک کێشەیەکی لۆکاڵی سەیر دەکرێ و پەیوەست دەکرێ بە تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی لە لایەن سەرانی ڕژێمی بەعسییەوە؟ ئاخۆ ئاکامی ئەو دادگاییکردنە چ واتایەکی بۆ ئاییندەی کورد دەبێ؟



**هەندرێن**: ڕەنگە بە یاد هێنانەوەی ئەزموونی دادگاییکردنەکەی ئادلۆف ئیشمان، کە وەک عەلی کیمیایی، ئەفسەرێک بوو لەسەر قڕکردنی جوولەکەکان لە کاتی ڕژێمەکەی ڕژێمی نازی ئەلمانیادا لە ئورشەلیم دادگاییکرا، بتوانێ بۆ تێگەیشتن لەو ئاڵۆزیانەی کە ئەمڕۆ گەلی کورد لەو پرۆسە بێ ئاکامەی دادگاییکردنی دەست و پێوەندی ڕژێمی بەعسیدا ڕووبەڕووی بۆتەوە، یارمەتیمان بدا. ئاشکرایە دەوڵەتی ئیسرائیل لە 1961دا لە ئورشەلیم ئادلۆف ئیشمانی ڕووبەڕووی دادگا کردەوە. دواجاریش دەوڵەتی ئیسرائیل ئادلۆف ئیشمانی بە بەرپرسیارێکی سەرەکی لە کێشەی جوولەکەکان دانا. بەمجۆرە دوای دوو ڕۆژ دادگای باڵای ئیسرائیل ئیشمانی لە سێدارە دا.

ژنە فەیلەسووفی ئەلمانی – ئەمریکی بە ڕەگەز جوولەکە هەنا ئارێند (1906–75) ئەوکات پرۆسەی ئەو دادگاییکردنەی ئێشمانی لە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکیدا بڵاودەکردەوە. پاشان کۆی ئەو زنجیرە وتارانەی لە کتێبە سەرنجکێشەکەیدا " Eichmann in Jerusalem _ A Raport on the Banality of Evil"/ئیشمان لە ئورشەلیمدا _-ڕاپۆرتێک لەمەڕ خراپەکارییەکی بوودەڵە"دا 1963دا بڵاوکردەوە. بە کورتی ئارێند لەو کتێبەدا باسی ئەوە دەکا کە لەو دادگاییکردنەدا سەرتاپای و مرۆڤایەتی نمایشکرا. بە واتای ئارێند ئەو دادگاییکردنە دادگاییکردنێکی نێونەتەوەیی بوو. هاوکاتیش ئارێند پێی وابوو ئەوانەی کە وەک ڕووداوێکی مێژوویی سەیری ئەو دادگاییکردنەیان دەکرد پێیان وابوو ڕەنگە چیتر کاری وا ڕوونەداتەوە. بەڵام ئارێند لەوە بە گومان بوو کە ئەو ڕووداوانە ڕوونەدەنەوە. لەوەدا بە هەڵەدا نەچوو بوو. بەمجۆرە ئێمە ئێستا دوای ئیشمان پرۆسەی دادگاییکردنەکەی سەرۆکی پێشووی یوگسلاڤیا میلۆسۆڤیچ و سەددام و پێڕەکەیمان بینی. بەهەمە حاڵ هەرچەندە پرسەی دادگاییکردنە چەندان مانگی خەیاند، بەڵام بەڕێوەبەرانی دادگا لە ماوەی پرۆسەی دادگاییکردنەدا نەیانتوانی شایەدحاڵێک بهێنن.

جێگەی سەرنجە، وەک چۆن بینیمان سەددام و پیاوەکانی خۆیان بە بێگوناح دەزانی، بە هەمان شێوە ئیشمانیش خۆی بێبەری دەزانی لەو هەموو تاوانانەی کە ئەنجامیدا بوو. ئەو پانزە خاڵەی کە ئیشمانی لەسەر تاوانبار کرابوو، بریتی بوون لەوەی کە ئەو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تری ڕژێمەکەی هیتلەردا دەستیان هەبووە لە کۆکوژی جوولەکەکاندا.

ئەوەی لێرەدا لە ڕوونکردنەوەکانی ئارێند بۆ ئێمە سەرنجکێشە، ئەوەیە کە دادگای باڵای ئیسرائیل، لە ئیشمانی نەپرسی کە ئەو بە چ واتایەک خۆی بە تاوانبار بزانێ. لێرەدا نێوەڕۆکی ڕوانینی ئارێندمان بۆ دەردەکەوێ. ئارێند دەلێ لە کاتی دادگاییکردنە خەڵک پێیان وابوو کە ئیشمان کەسێکی دڕۆزنی سۆزئامێز بوو، کەچی لە دیدی ئارێندەوە ئیشمان لە توانایدا نەبوو هۆشیارانە درۆ بکا، بەڵکو ئەو بە ڕوحیەتی باڵادەستی ئاوێزان بوو و خاوەنی هیچ فەنتازیاییەک نەبوو. بۆیە مل کەچ نەکردن بۆ ڕەتکردنەوەی تاوانەکان تاکە ویژدانێک بوو کە لای ئیشمان کارا بوو. هاوکاتیش

قڕکردنی ملیۆن مرۆڤ لای ئیشمان واتایەکی نەبوو. ئارێند سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێ کە هیچێک لە بەڕێوەبەرانی دادگاییەکە هەستیان بەو نەدەکرد کە ئێشمان ئەو جۆرە پیاوەیە.
هەروەک عەلی کیمیایی و پیاوەکانی تری سەددام، ئیشمانیش باسی ئەوەی دەکرد کە بڕیاری کۆکوژیی جوولەکەکان لە لەسەرووی خۆیەوە دەرچوو بوو و ئەویش جێبەجێکەرای ئەو ئەرکانە بوو کە پێی سپێردرابوو.
مەبەستمان نمایشکردنی ئەو پێشەکییە لە کتێبەکەی هەنا ئارێند، ئەو دادگاییکردنە دووپاتە و وێکچووانەیە کە دوورن لە تێگەیشتن لە گەوهەری مرۆڤکوژ و دیکتاتۆرەکان.

کەواتە ئەو زنجیرە دادگایانەی سەرانی بەعس لەوەدا کۆدەبنەوە کە ئەوانە باندێک مرۆڤکوژی یان خراپەکاری پەڕپووت بوون. ئەوەش رێگای بۆ ئەو دیکتاتۆرە پەڕپووتانە خۆشکرد نەک هەر خۆیان بە بێ تاوان بزانن، بەڵکوو لە ناو قەفەزی دادگاشدا سوور بن لەسەر راهاتن بە باڵادەستی دەسەڵاتەکەی خۆیانەوە. بە گەڕانەوە بۆ روانینەکانی هەنا ئارێند، دەبینین خودی بەڕێوەبەرانی ئەو دادگاییکردنەش، ئەگەرچی لە روانگەی مافی ئازادیی و بەناوی دیمۆکراتییەوە بەڕێوە چوو و دەچێ، ئەوانیش لەوە حاڵی نەبوون کە ئەو تاوانبارانە ناتوانن دان بەو تاوانانە بنێن کە ئەوان جەختیان لەسەر دەکردەوە. دواجاریش بینیمان کۆتایی دادگاییەکەی سەددام بەو لە سێدارەدانە تۆڵە ئامێزە کۆتایی هات. بەمجۆرە ئاکامی ئەمەش بە هەڵوێست وەرگرتن لەسەر شێوازی لە سێدارەدانی سەددام کۆتایی هات. بە واتایەکی دیکە، ئاکامی دادگاییکردن و لە سێدارەدانەکەی سەددام نەک هەر نەیتوانی کۆمەڵی نهێنی و بەڵگەی گرنگ لە دەمی سەددام و مرۆڤکوژەکانیەوە ئاشکرا بکا، بۆ نموونە دەکرا رای دەرکیی و ناوەکی لە دەمی ئەو تاوانبارانەوە بزانن کە بۆچی و چۆن کوردیان ئەنفاڵ کرد و کامە و چەند کارگە و دەوڵەت راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە فرۆشتنی چەکی کیمیایی و پشتگیرییان کردوون و لە ئەنفالکردنی کورد بەشدارییان کردووە، بەڵکوو رای جیهانی لەسەر رەخنەگرتن لە شێوازی لە سێدارەدانی سەددام ناڕەوایەتی ئەو دادگاییکردنە چەقی بەست.
بەمجۆرە وێڕای ئەمەش کە سەددام وەک سەرۆکی سەرانی ئەو رژێمە کوردکوژە لەسەر ئەنفال دادگایی و لە سێدارە نەدرا و بەرپرسیارانی کوردیش، بێجگە لە گێڕانەوەی شایەدحاڵەکان لەو تاوانانەی کە سەددام و دەست و پێوەندەکانی لە دژی ئەوان ئەنجامیاندا بوو، نەیانتوانی هیچ رۆڵێک لە گۆڕینی رەوتی لەو دادگاییکردنە و لە سێدارانی سەددامیش بگێڕن. کەواتە دیمەنە گرنگەکانی ئەو دادگاییکردنە نەیتوانی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا دەستەبەر بکا. ئەمەش پرسی ئەنفالی نەک هەر زیاتر تەمومژاویتر کرد، بەڵکوو کێشەی ئەنفالیش، وەک خەونەکانی عێراقێکی فیدرالیی و ئازاد، لە چاوەڕوانی وست و خواستێکی نوێی بە کۆمەڵی کوردیدا هێشتەوە، کە لەمەو دوا دەبێ پرۆژەیەکی تری هەبێ بۆ بە واتاکردنی ئەنفال لە ژیانی ئێستا و ئایندەی کوردیدا.
دەمەوێ بێژم، دەبوو مرۆی هوشیاری کورد لە دەستپێکدا لەوە تێگەیشتبا کە دادگاییەکی لەو جۆرەی کە خودی ئەمریکا وەک نمایشێک لەو دیمۆکراتیی و ئازادییە لە قوتووکراوەی بۆ عێراقی هێنا بوو بەڕێوەی برد، لەوە زیاتر کە روویدا، ئاکامێکی باشتری نەدەبوو. بۆیە بە رای من، دەبێ پرۆژەی بیرکردنەوە و کار لە بە واتاکردنی ئەنفال لەمەودوا دەستپێبکا. چونکە ئیتر ئاکامی شانۆی هەڵبەستراوی دادگاییکردنی سەددام و دار و دەستەکەی بە دیمەنە کۆمیدی/تراژیدیاییەکانی کۆتایی

هات. کەواتە شیعەی تووندڕۆ لەسەر 140 هاووڵاتی دوجەیل بە شێوەیەکی ناسیاسی، یان ئارێند واتەنی، بە هەمان روحی خراپەکارێکی پەڕپووتانە، تۆڵەیان لە سەددام کردەوە.
ئێستا لەناو ئەو هەرا و زەنایەی کە لە ئارادایە، کێشەی ئەنفال نەک هەر لە ئاستی جیهانی، بەڵکوو لە ئاستی "حوکمەتی کوردی و عێراقیشدا" خەریکە پەراوێز بکردرێ.
لەو دیدەوە قسەکردن لەسەر ئەوەی کە دەبوو ئەو دادگاییکردنە بە ئەنفال دەستی پێکردبا، یان سەددام لەسەر ئەنفال لە سێدرا درابا، یان پێویستە ئەنفال بکرێتە دۆزێکی جیهانی و... هتد، چیتر مانای نەماویەوە. چونکە ئێستا هەر لە حکومەت و نووسەرانی کوردییەوە بگرە هەتا بە سادەترین کورد تێدەپەڕێ و دەگاتە ئەو هەڵەپاسە کوردانەی کە لەگەڵ رژێمی بەعس بەشداریان لە ئەنفالکردنی کورد کرد، باسی بە جیهانیکردنی ئەنفال و کەم و کوڕییەکانی  ئەو دادگاییکردنە دەکەن.
بەندە لە ساڵی 2004، لەگەڵ دەستگیرکردنی سەددامدا وتارێکی لە ژێر ناوی "دادگایکردنی سەددام وەک پرۆژەیەک لە بەردەمی گوتاری سیاسیی کورد" نووسیوە، لەوێدا باسی گرینگی ئەو دادگاییکردنەمان کردبوو. هەرچەندە ئاماژەکردن بەو نووسین و بیرکردنەوانە تامی نەما، چونکە بووە باو کە هەموو خۆی بە دەستپێشخەر و تاکە زانا و رزگارکەر بزانێ.لۆیە دوای نەمانی سەددام و بە کۆمیدیبوونی ئەو دادگاییکردنە، دووپاتە کردنەوەی ئەو قسانە بە پێویست نازانم.
لێ  بۆ چەند بارە ئەوە جەختدەکەمەوە، کە ئەگەر کورد بخوازێ  واتایەک بە داهاتووی خاک و نەتەوەکەی؛ بە زمان و یادەوەرییەکەی؛ بە ئەنفال و رەهەندەکانی  ببەخشێ و لە جیاتی ئەو گەڕەلاوژەی سیاسیی و ئەخلاقییە لێکناکۆییەی کە ئێستا بوونی کەنفت کردووە، ببێتە خاوەن گوتارێکی تۆکمە و خەمڵیووی نەتەوایەتی، دەبێ واز لە زمانی بانگەشە کردن و ئارایشکردنی رووکەشیانەی خۆی بهێنێ و  لە بری ئەوە بە کردە ئەو بانگەشە و قسە زۆرانەی کە دەکرێ پیادە بکا. بە بڕوای من، ئەوەی ئەمڕۆ وایکردووە کە کورد لە ئاستی ناوەکیی و دەرەکییەوە لاواز بێ، قسە کردنە بۆ قسە و بانگەشەی بێ کردەیە.
کەواتە ئەگەر کێشەی ئەنفال وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین لە ئاستی بازرگانی، ناوچەگەریی، حیزبگەریی، بانگەشەکردن، خەمی تاکەکەس، ململانێی ئەم و ئەو لەسەر ئەوەی کامەیان زیاتر ئێشیان بۆ ئەنفال کردووە و یان دڵسۆزترن و ... هتد بەردەوام بێ، ئەوە نەک هەر بەها و واتایەکی بەرهەمداری بۆ ئاییندەی کورد نابێ، بەڵکوو دەبێتە پرۆسەیەک لە بەردەوامی ئەنفالکردنەوەی روحی کورد بە دەستی باڵادەستەکانی خۆیەوە. هەرچەندە هەر لە دوای شەڕی خۆکوژیی حیزبەکانەوە هەتا ئەمڕۆش پرۆسەی ئەنفالکردنەوەی زیندووەکانی دوای ئەنفال و خودی ژیانی کوردیش بە دەست حیزبی کوردییەوە بەردەوامە.
لەوەش زیاتر، کورد هەر لە کاتی رژێمی سەددامەوە ئەنفال نەکراوە، بەڵکوو هەر ئێستا لە هەموو بەشەکانی تری کوردستاندا ئەنفالکردنی کورد بە ئاستی جیاواز و لەبەر چاوی جیهانەوە بەردەوامە.  هاوکاتیش هەر هەتا ئێستاش مانەوەی رەوشی دەڤەرە بە عارەبکراوەکان و دۆزی کەرکووک لەو دۆخە هەتکراوەی ئێستایان، چەشنە پرۆسەیەکە لە ئەنفالکردنی بێدەنگ یان تەڵەکەبازانەی ئارایشکراوی کورد لە چاوەڕوانی ئەو "مەهدی مونتەزر"ەی کە هاتنی لە کۆمیدیای ئەو حکومەتە ئێراقییە بەناو فیدرالییە دەچێ.

لەبۆیە بۆ ئەوەی دوای تەوابوونی ئەو دادگاییە ئیفلیجەی سەرانی رژێمی بەعس، پرسی ئەنفال لە ئاستی تاوانێکی دژە مرۆڤایەتی و ئەو چەند جەلادە پەڕپووتەی رژێمی بەعس نەمێنێتەوە و بکرێتە کێشەیەکی جیهانیی و بنەمایەکی بەرهەمدار بۆ ئاییدەی کورد، دەبێ کورد پێش هەموو شتێک لە ئاستی ناوەکییدا برینی کەس و کار و دەڤەرە ئەنفالکراوەکان ساریژ بکا، کە ئەوانەش زۆرینەی کۆمەڵگای کورد و خاکی کورد پێکدەهێنن. کاتێک تا ئەمڕۆش حکومەتێکی بەناوی کوردی نەیتوانیبێ پەژارە و بژێوی ژیانی بەر کەوتووەکانی ئەنفال چارەسەر بکا و دێهاتەکانیان ئاوەدان بکاتەوە، ناتوانێ لە ئاستی دەرەکیشدا بە کردەوە کار بۆ ناساندنی ئەنفال بکا، هەروەک هەتا هەنووکەش نەیتوانیووە. گەلێک حکومەتێکی هەبێ هێشتا قۆناغی خشۆکی نەبڕیوە و نەبۆتە بوونێکی ئاشکرا نقوومی بازارگانیکردن و گەندەڵی بە مێژووی ئەنفالکردن و نەهامەتییەکانی بووە، ناتوانێ ئەنفال بکاتە واتایەک بۆ ئایندەکەی. گەلێک لە ژێر سایەی حکومەتەکەیدا هەرچی بەهای زمان؛ ئێتیک؛ مێژوو؛ یادەوەریی و... هەیبووە بەرەو وێرانکردنی بە تەواوی دەبا؛ شەرم لەخۆی دەکا بڵێ کوردم، یان ویستی رزگار بوون لە قۆناغی خشۆکی خۆی گەیشتن بە قۆناغی لەسەر پێی خۆ وەستان و سەربەخۆ بوونی تیادا رەگکێش دەکرێ، ناتوانێ لە پێناوی بە واتاکردنی ئەنفال بیر لە خەملاندنی کۆهزرین و کۆیستی ئاییندەیەکی بەهەمداری بەهادار بکاتەوە.

کەواتە پرسی ئاییندەی ئەنفال و قەدەری کورد، بە واتای هەنا ئارێند، ئەوکاتە دەبێتە کردە و کورد لەو نەگبەتیەی لێکرازان و هەمیشە ئەنفالکردنە رزگار دەکا، کاتێک دەمڕاستەکانی توانی دەست بەردار بێ لەو خەونە بازرگانی و ژیانە گەندەڵستانەی کە لە ژێر دەمامکی بانگەشە و قسە بریقەدارەکانیانەوە پەرەی پێدەدەن.